اسماء الله ٢٠

بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الأنسان لفي خسر،الا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر).

والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه.

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

لەبەشی بیستەم لەناو و کرداره پێروزەکانی خوا له خزمەتتان بەردەوام دەبین. ئەویش لەبۆ ناسینی خوا (جل جلاله) بەحەقیقەت، پاش ناسینی به حەقیقەت ئەوجه عیبادەت کردنی به حەقیقەت، لەبۆ تەحصیل و نەیلی رضوان الله. مەجموعەك قەواعید پێشتری لەسەری موتتەفیق بووین، شەش نوقته بوو، بەشەك لەو نوقتانه ئەوه بوو که گوتمان باری تەعالا فەقەط ئینس و جننی لەبۆ عیبادەت خەلق کردیه، هەر چ مەخلوقاتیتکەشی هەبی لەبۆ ئەدائی ریساله و موهیممەی خۆی بەکەمال بەتەمام لەبۆ ئەو موهیممەیەی لەبۆ ئەدائی فاعیلیەتی ئەو موهیممەیەی لەو موستەوایەی که خوا دەیەوێ بەو نەوعەی خەلقی کردیه، ئەمما لەبەروەی فەقەط ئینسان ئینس و جن لەبۆ عیبادەت مەخلوقه، ئیذەن هەرچی ئەجهیزەی هەیه لەبەدەنی ئەو دوو ذاته ئینس و جن هەمووی هادیفه هەمووی مەقصود عیبادەته، لۆیه دەبی ئەو ذاته مەخصەدمان ئینسانەکەیه بەشەر یاخود شەخص، به هەموو قەناعەتەك به هەموو ئیعتیبارەك له زهنی خۆی هەرچی مەوجوده له بەدەنی فەقەط لەوەسیلەکه له وەسائیلی خواناسین و گەیشتن به خوای به حەقیقەت وەعیبادەت کردنی خوای وفقی ئا ئەو ئیرادەیەی که خۆی ویستیتی، وەلەبۆ ئەو مەقصوده باری تەعالا وەسائیلی هەمووی ناو بەدەنی ئینسان هەر له چاو، هەر له گێ، و هەر له دەست، هەر له پێ، هەمووی کوشن لەبۆ ئەو مەوزوعه خەلقی کردیه.

له عەینی بەدەنیش له عەینی ئینسانیش جێیەکی موخەصصەصی دانایه لەبۆ ئیمان و ناسینی ئەویش جیهازی سینگ و قەلبیتی. فه لەبۆ ئیشباعی لەبۆ تێرکردنی لەبۆ دەفعی حاجەی هەموو بەدەن باری تەعالا وەسائیل و طوروقی دانایه، لەبۆ ئیشباعی جیهازی داخیلی ئینسانیش که سینگ و قەلبیتی، باری تەعالا کەممو میعیاری دانایه، کەممەکی دانایه ویحدەك موعەییەن وەنەوعی موعەیەنی دانایه وفقی ئیشباعی داخیلی ئینسان لەبۆ مەعریفەتی خۆی، کەینێ ئینسان لەبۆ معرفة الله لەو کەممەی کەباری تەعالا دایناپی زیاتری وەرگرتبی له طوڵی تاریخ له پاشی ئادەمەوه هەتا خاتەم خەلەلی دروست کردیه، ئەوه به موطلەقی، کەمیشی وەرگرتبی لەو کەممەی لەو نەوعەی که باری تەعالا

داینایه لەبۆ جیهازی داخیلی ئینسان لەبۆ ناسینی وی، کەمتری وەرگرتبی دیسان ئەویش خەڵەلی دروست کردیه هه له ئادەمەوه هەتا ئەخیر ئینسان له وجود.

لۆیه نوقتەی دووەم: پاشی ناسینی ئینسان لەبۆ خۆی که جیهازه لەبۆ عیبادەت مەخلوقه دەبی فیعلەن بزانی کەممی ئەو کەممەی که پێویسته خوای پێ بناسی وه نەوعی ئەو کەمییەتەی وه نەوعی ئەو نەوعەی که پێی دەوێ لەناو داخیلی خۆی خودا (جل جلاله) لەبۆی تەحدید دەکا، موحەددید مونەظیم خودایه (جل جلاله) نەك ئینسان ذاتی خۆی، حەتتا ئەنبیاء و ڕوسول حەققی ئەوەیان نەبووه تەدەخخول بکەن لەو شته، ئەوه نوقتەی دووەمی ڕەئیسی، لەبۆ موعالەجەی وەی باری تەعالا دائیمه تەرتیبی نزولی دانایه به میزان به میعیار لەبۆ ئەدای ئەو موهیممەیه، لۆیه چەند جارەك تیکرارمان کردتەوه دیسان ئیعادەی دەکەمەوه باری تەعالا له ڕێی تەرتیبی نزول خۆی به پێغەمبەر ناساند، له ڕێی سورەتی علق پێغەمبەر به حقیقەت خوای ناسی، وه ئەو ناسینەش بەو حەقیقەته پێغەمبەر تانی نەقل بکا لەبۆ یەکەمین دائیرە له دەوروبەری خۆی که خەدیجه و ئەبوبەکر بوون، بەو تەسەلسولەش ئەبوبەکر (رضی الله عنه) ئەوەی تەقدیمی عبدالرحمن کوڕی عەوفی کرد، تەقدیمی عوثمان بن عەففانی کرد، بەو نەوعەی ڕەعیلی یەکەم، چینی یەکەم، جیلی یەکەم له موئمینینی حەق بەو نەوعەی دروست بوون.

ئیذەن تەرتیبی نزولی قورئان کەفیله وەموهەیمینه لەسەر حالەتی کەممو نەوعی ئیمانی مەطلوب دروست بکا لەو مستەوایەی که فیعلەن ذەوات له زەمانی پێغەمبەر دروست بوو له کنیان، وەهەر ئەویش ئەمانه هەر ئەو حالەته ئەمانه، لۆوەی ئینسان نه ئیفڕاط نه زیاد، نەتەفریط نەکەم وەرنەگری، وفقی جیهازی داخیلی خۆی، جیهازی داخیلی خۆی چەندی پێ موحتاج بی ئا ئەو ذاته ئەوەنده وەربگری، وەکو گوتمان کەمکردن و زیادکردن لەسەر حیسابی ئیمانیتی، لۆیەش ئەمه به تەرتیبی نزول موتابەعەی ئەسماء و ئەفعاله پیرۆزەکانی خوامان کردیه هەتا ئەوڕۆ.

ئەوڕو له خزمەتتان بەحسی فیعلەك دەکەین له ئەفعالەکانی خوای (جل جلاله) که (تەیسیره)، له سورەتی (أعلى) هەشتەمین سورەته به تەرتیبی نزول، گوتمان تەرتیبی نزولیش باری تەعالا سورەتی علق تەشبیهی کەین بەو دەستەی، ئەوه صەفحەك له سورەتی علق بی، سورەتی علق که هاته خوارێ پێغەمبەر و جەمعی موئمینین جوملەی صەحابەی کیرام که له دەوروبەری پێغەمبەرینه وەریانگرت، که وەریانگرت لەناو داخیلی خۆیان ئیمانیان پێ هینا، ئیمانیان پێ هینا، پاشان محاوەلەیان کرد تەقدیمی کەن لەبۆ واقیعه به عەمەل، هەتا ببنه (آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ) که ئەوه قانونی قورئانه له بەدئی قورئان هەنه هەتا مونتەهای قورئان، فەهەتا سورەتی علق لەناو داخیلیان تەواو جێگیر نەبوو تیمتیصاص نەکرا هەزم نەکرا سورەتی قەلەمی به دوودا نەهات، که سورەتی

قەلەم ئیمتیصاص بوو ئەوجە سورەتی پاشی وی بەو تەسەلسولەی هەتا قورئان هەمووی تەواو بوو، ئەوە مەقصودمانە لە تەرتیبی نزول.

فەسورەتی هەشتەم بەتەرتیبی نزول سورەتی(أعلى)یە دەست پێ دەکا(سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى)(الأعلى١) تەسبیح کردنە، تەسبیح بەحسمان کردیە لە سێیەمین سورەت (رَبِّكَ الْأَعْلَى((الأعلى١) چ (رَبِّك)، (الَّذِي) دوو فیعلی هەیە (خَلَقَ فَسَوَّى)(الأعلى٢)، لێرە رادەوەستی ئەرضییە دادەنی بەدوو فیعل(خَلَقَ فَسَوَّى)(الأعلى٢)، (وَالَّذِي) نەفسی ئەو (قَدَّرَ فَهَدَى)(الأعلى٣) ئیلحاق دەکری ئەو حالەتە، نموذەج سووەر لە واقیع، پێشاندان (وَالَّذِي أَخْرَجَ الْمَرْعَى)(الأعلى٤) پاشی ئیخراج خەلق، پاشان ئیخراج پاشی ئیخراجیش (فَجَعَلَهُ) جەعل (فَجَعَلَهُ غُثَاء أَحْوَى)(الأعلى٥)، ئەوانە هەمووی فیعلی خەلق و تەسوییە قودرەت و هیدایەت بەحسمان کردیە لە سووەری سابق، بەحسی خروجیشمان کردیە، ئیخراج پاشی خەلق دێ، ئەوە تەرتیبی قورئانە، (جەعل)یش پاشی ئیخراج هاتیە، جەعل دائیمە پاشی خەلقە، خەلق وەختی خۆی گوتیتمان ماددەی ئەووەلی بوو لەبۆ جیهاز، وەکو نازانم لە بیرتان مابی دار خورمامان بەحس کرد خەلقە، پاشان لەبن دار خورمایەکەی گوتمان فەسائیل دەردەچی ئەوە جەعلە، هەر لە لوغەی عەرەبی ئەصلەن ناوی جوعل لەوەوە هاتیە، فەسیلەی بن دار خورمای مەجموعە فەسیلەی لێ دروست دەبی، لێی شین دەبی، لەبن دارەکانەی دار خورمای ئا ئەوە (جوعل)ی پێ دەگوتری، (جەعل)ی پێ دەگوتری، پاشی خەلق جەعل هەیە لە قورئان، ئەوە قانونی قورئانە، جەعل پێشی خەلق نەهاتیە لە قورئان، (فَجَعَلَهُ غُثَاء أَحْوَى)(الأعلى٥) لێرە نوقتەك موهیممە (سَنُقْرِؤُكَ فَلَا تَنسَى)(الأعلى٦)، (سَنُقْرِؤُكَ فَلَا تَنسَى)(الأعلى٦).

گوتمان کەلیمەی قیرائە لەبۆ ئەلف باء و تاء ثاء نەهاتیە، لە بیرتانە مەفهومی قیرائە هەشت مەعنامان لێکداوە، حەتتا کابرای کافریش ڕۆژی قیامەت دەبی قیرائەی کیتابی خۆی بکا، (اقْرَأْ كَتَابَكَ)(الإسراء ١٤)، (فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَيَقُولُ هَاؤُمُ اقْرَؤُوا كِتَابِيهْ)(الحاقة ١٩)، عیلمەن بەشەرییەت لەوێ هیچ یەك عالیم نینە، عیلمی قیرائە و کیتابەیان نییە لە ئاخیرەت، یەعنی ئەنیشتاین و کابرایەکی ئوممی دەبی ببنە یەك، یەك مستەوا لە عیلم، چ لەوێ ئیش دەکا فیطرە، هەر فیطرەشە وە دەکا قیرائە بکا، ئیذەن قیرائە لە قورئان بە ئەلف و با و تا و ثاء نەهاتیە، ئیذەن (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ )(العلق١) ئەلف و باء و تاء و ثاء نییە، لێرەش مەقصودی باری تەعالا (سَنُقْرِؤُكَ فَلَا تَنسَى، إِلَّا مَا شَاء اللَّهُ إِنَّهُ يَعْلَمُ الْجَهْرَ وَمَا يَخْفَى،وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى)(الأعلى) مەقصودمان لە فیعلەی خەت بەبن (وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى)(الأعلى ٨) تەیسیر، لەقورئان کەلیمەی یوسر لەبۆ قورئان هاتیە خۆی، هەرچی کەلیمەی تەیسیر هاتبی لەقورئان باری تەعالا تەیسیری کردبی لەبۆ بەشەرییەت

فەقەط قورئانە، (وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ)(القمر ١٧) لە هەشت جێ بەحس دەكا، ئیذەن سنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى ئیعدادەكت دەكەین، سهولەتەكت لۆ دروست دەكەین، تەخویلەكت دەكەین، زەمینەت لەبۆ دادەنێین لەبۆ چ، (لِلْيُسْرَى)، یوسرایەكە چییە؟ حالەك موعەییەن فیعلەن بتانی ذاتی پێغەمبەر لەگەر جەمعی موئمینینی كیرام ئیستیعابی قورئان بكەن، (وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى)(الأعلى ٨)، من الذى ييسر؟ الله.

ئیذەن پاشی خەلق (خَلَقَ فَسَوَّى)، (قَدَّرَ فَهَدَى)،(أَخْرَجَ الْمَرْعَى)(جَعَلَهُ غُثَاء أَحْوَى)، ئەوە هەمووی لەبۆ مەخلوقاتە، ئەوە هەمووی زەمینە دروست كردنە لەناو داخیلی پێغەمبەر و جەمعی موئمینین، لەبۆ ئیعدادی ئەو حالەتەی (سَنُقْرِؤُكَ)، وەكو گوتمان قورئان قانونە یەك موتابەعەی یەك دەكا، حەلەقە لەدوو حەلەقەی دێ، (سَنُقْرِؤُكَ فَلَا تَنسَى، إِلَّا مَا شَاء اللَّهُ إِنَّهُ يَعْلَمُ الْجَهْرَ وَمَا يَخْفَى)(الأعلى)، ئەها هەمووی لەگەر فیطرە وداخیلیتی، قیرائە لەگەر داخیلیتی، بە داخیل قیرائە دەكرێ، عن طەریقی سەمع و بەصەر، پاشان (وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى)(الأعلى٨) كە ئەوە مەقصودمانە، كە دەفەرمی (وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ)(القمر١٧).

(الرَّحْمَنُ) لە سورەتی رەحمان (الرَّحْمَنُ، عَلَّمَ الْقُرْآنَ، خَلَقَ الْإِنسَانَ،عَلَّمَهُ...)(الرحمن)، رەبطی بەینی كەلیمەی ڕەحمان لەگەر قورئان، لەگەر تەعلیم (الرَّحْمَنُ، عَلَّمَ الْقُرْآنَ، خَلَقَ الْإِنسَانَ، عَلَّمَهُ الْبَيَانَ)(الرحمن)، ئیذەن لە داخیلی ئینسان، لە فیطرەی ئینسان هەرچی مەفاهیمی قورئانی هەیە ئەصلەن مەفاهیمی قورئانی مەعانی قورئانی ئەصلەن لەناو داخیلی ئینسان مەخلوقە، وە ئینسان ئەصلەن بە قورئان داخیلی موعەللەمە، داخیلی ئینسان كە فیطرە تەعلیم كرایە بە قورئان، لۆیەش كابرای كافر، كابرای موجریم كابرای فاسق كە ئەسنای ئیجڕامەكەی دەكا ئیحسساس دەكا فیعلەن جوڕمەكی كردیە، كو ئیحساس دەكا جورمی كردیە خراپەی كردیە ئەگەر فیعلەن ماددەكی چاك و خراپ بە فیطرە لە داخیلی موقایەسە نەبی، میزانەك نەبی لە داخیلی، پێی نەزانی ئەوە چاكە، پێی نەزانی ئەوە خراپە، نازانم لەبیرتانە لە بیرتان نییە لە دەرسی فیطرە بەحسی ئەوەمان كرد گوتمان مەخلوقات هەمووی لەسەر فیطرەت خەلق كرایە حەتتا نەبات، حەتتا جەماد حەتا حەیوان، پشیلەمان بە میثال هینا كە پشیلە بە فیطرەی خۆی تەعامول دەكا، تەیر بە فیطرەی خۆی تەعامول دەكا، باری تەعالا فیطرەی ئەو تەیرەی ئەبەو نەوعەی خەلق كردیە، ئەوها فەرخەی خۆی بەخێو كا، پشیلە ئەوها غیدائی خۆی خواردنی خۆی تەئمین كا، بە فیطرەی خۆی حەڕەكە دەكا، عەینی وەقت باری تەعالا هەرچی مەفاهیمی قورئانی فیطرەتەن لەناو داخیلی ئینسانەكەی تەعلیم كردیە، لۆیە (الرَّحْمَنُ، عَلَّمَ الْقُرْآنَ) رەحمان هەرچی مەفاهیمی قورئانی هەیە لەناو داخیلی ئینسان طەبعی كردیە، (عَلَّمَ

الْقُرْآنَ) کەینێ، حین خلق الانسان، (الرَّحْمَنُ،عَلَّمَ الْقُرْآنَ،خَلَقَ الْإِنسَانَ،عَلَّمَهُ الْبَيَانَ)(الرحمن)، ئیذەن مەفاهیمی قورئانی لەناو داخیلی ئینسان ئەصلەن مەوجودە کە فیطرە.

لۆیەش ئینسانی کافر حەتتا جولەکە هەتتا مولحید بە فیطرە دەزانی ئەو شتەی کە کردی چاکە یان خراپە، بە فیطرە دەزانی ئەمثیلەی زۆریشمان هینا حەتتا مندال لە عومری سێ ڕۆژی کە لە داکی بووە فیطرەتەن حس بە فەرەح و حوزن دەکا، وەختی خۆی بەحسمان کرد مندال لە سێ ڕۆژی ئەمن بە خۆم دیتیتم لەناو لانکێ دانرایە خەوی لێکەتیە ئیبتیسامەی دەکا، زەردەخەنەی دێتە لێوی لەخەو، نازانم دیتیتتان یان نا ئەنگۆش دیتیتان لە منداڵی گچکە عومری مەثەلەن سێ چار مانگە، عومری حەفتەکە سێ ڕۆژەی ئەمن خۆم دیتیتم، مەثەلەن خەوی لێکەتیە دەگرییێ، ئیذەن ئەو منداڵە بە فیطرە حوزن و ئەلەم یاخود فەرەح جیا دەکاتەوە بە فیطرە، نوستیشە خەوی لێکەتیە، لە چ مەعهەدەك لە چ کولییەك حەتتا داکیشی فێری نەکردیە ئەوە هەمووی فیطرەیە، ئەصلەن ئیذەن ئەو فیطرەیە مەفاهیمی قورئانی تێدا مەخلوق و مەوجودە، کە مەفاهیمی قورئانی تێدا مەخلوق و مەوجود بوو ئیذەن (وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى)، تەیسیرەك هەیە.

یەعنی ئەصلەن جیهازەکە جیهازی داخیلی ئینسان وەکو کاسێتەك وەکو کاسێتەك تەعلیم کرایە مەفاهیمی قورئانی لێرە[وتاربێژ کە دەڵێ لێرە ئاماژە لۆ سینگی خۆی دەکا] داندرایە، ئەمما شەیاطین هاتینە تۆز و خۆریان هاویشتە سەرێ، باری تەعالا پێغەمبەرەکی لەولای قیت دەکاتەوە لۆ ئەو ذاتەی دەنێری لەبۆ تیلاوە کردن، کە ذاتەکە قیرائەی کرد گوتمان ئەو مەفاهیمە لەناو ئا ئەو کاسێتەی کە تەعلیم کرایە ئەصلەن دەست بە ئیش کردن دەکا، دەفعی باری تەعالا پاڵ پێوە نانێ باری تەعالا لەبۆ ئەو حالەتەی تەیسیرە، (وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى)(الأعلى٨)، خۆی ئەصلەن قورئانەکە مویەسسەرە، ماددەی تەیسیرە ئەصلەن ئینسان لەسەر مەفاهیمی قورئانی مەخلوقە، ئیذەن ئا ئەو دەفعە لە باری تەعالاوە وە (نیسرك)ەیە، (وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى) (الأعلى٨)، کە ئەوەهای کرد باری تەعالا دەفعی کرد من ییسر؟ الله، باری تەعالا دەفعی پێغەمبەری دەکا (وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى)(الأعلى٨)، باشە مەوقیفی وی دەبی چ بی؟ (فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ الذِّكْرَى)(الأعلى٩) ئەوە ڕەدەت فعلی پێغەمبەرییە، باشە بە چ تەذکیر دەکا، (فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَن يَخَافُ وَعِيدِ)(ق٤٥)، ئیذەن تەیسیرەکە، پار پێوەنانەکە دەفعەکە برێین بیلا تەشبیهـ لەباری تەعالاوەیە لەبۆ پێغەمبەری (وَنُيَسِّرُكَ) لەبۆ چ (لِلْيُسْرَى) یوسڕایەکەش ئەصلەن لەناو داخیلی مەوجودە، کە ئەو یوسرایە مەوجود بوو تەفعیلی وەی لە واقیع بە نسبەت پێغەمبەری تەذکیرە (فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ الذِّكْرَى)(الأعلى٩) ئەوە موهیممەیتی، موقابیل چ دەکا سێ طەڕەفە، طەڕەفی باری تەعالا عەفوەن تەیسیرە، باری تەعالا لە ئاسمانەوە پێغەمبەریش لەسەر عارد جەمعی بەشەر و ناس و بەنی ئادەم و ئینسان و ئەوانەی لە دەوروبەری، باری تەعالا تەیسیر دەفعەك لەبۆ

پێغەمبەری جیهازی پێغەمبەر دەست بە ئیشکردن دەکا، تەفاعولی پێغەمبەر لەگەڕ مەوضوع و رەدەت فیعلی لەبۆ موقابیل تەذکیرە، موقابیل چ دەکا دەبی وەربگری ئیمتیصاص بکا مەوقیف تەبەننی بکا، لۆیە دوو فیئە دروست دەبی لە موقابل (فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ الذِّكْرَى، سَيَذَّكَّرُ مَن.......وَيَتَجَنَّبُهَا الْأَشْقَى،الَّذِي يَصْلَى النَّارَ الْكُبْرَى)(الأعلى12،11،10،9)ئەوە بە نسبەت پێغەمبەری.

باشە ئەو تەیسیرە بەس لەبۆ پێغەمبەرییە؟ لە جەواب دەرێین نەخێر، لەبۆ جەمعی موئمینیشە، سورەتی (أعلى) سورەتی هەشتەمە بە تەرتیبی نزول، بچینە سورەتەك پاشی وی، پاشی وی کە دابەزیبی بە تەرتیبی نزول رەقەم نۆیە ئەوەیش سورەتی واللیل، سورەتی واللیل رەقەم نۆیە تەرتیبی نزولی پاشی سورەتی (أعلى)دێ، تەمەشاکەن باری تەعالا کو دەینی (وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى، وَالنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّى، وَمَا خَلَقَ الذَّكَرَ وَالْأُنثَى)(١،٢،٣الليل) نالێ الإنسان، والإنسانة، هەرچی ذەکەرەك و ئونثا، هەرچی نێر و مێ، ئەها هەمووی فیطرەیە، (وَمَا خَلَقَ الذَّكَرَ وَالْأُنثَى)(الليل٣) بە موقابیل (إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّى)(الليل ٤)، پاشان ئیعداد دەکا (فَأَمَّا مَن أَعْطَى وَاتَّقَى، وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى، فَسَنُيَسِّرُهُ) ئەوە موطلەقە، لەوێ لەبۆ پێغەمبەری بوو خاص (وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى)(الأعلى ٨)، لێرە لەبۆ هەموو جوموعە، لەبۆ هەموو ئینسانە، لۆوەی ببتە بەشەر، هەموو ئینسانەك لەو مستەوایەتانە لەو تەصانیفانە برند دەبی لەبۆ مستەوای بەشەر، کە بووە مستەوای بەشەر بتانی ئا ئەو حالەتەی کە مەطلوبە لێی بیکا، لە مستەوای ئینسانییەت برند ببی، چ دەکا؟ (مَن أَعْطَى وَاتَّقَى، وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى) ئا ئەو سێ نوقتەیە (فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى)، (وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَى)(كَذَّبَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ)، ئەویش لیسیرە نەفسی فیعلە (فَسَنُيَسِّرُهُ) لەبۆ چ؟ (لِلْعُسْرَى)،(وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّى)(الليل ١١).

**باشە بێینە سەر ئەو حالەتەی، لەوێ گوتمان ئەو حالەتە بەس لەبۆ پێغەمبەری بوو (وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى٢١:٢١)(الأعلى ٨) خودا لە ئاسمان پێغەمبەری لەسەر کوڕەی ئەرز جوموعی تەصانیفی ذەوات مستەوای کەلئەنعام، مستەوای ئینسان مستەوای ناس مستەوای بەنی ئادەم مستەوای بەشەر ئەوانە هەموو هەنە لە دەوروبەری پێغەمبەری، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) چ دەکا؟ (فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ الذِّكْرَى)(الأعلى٩)، دوو فیئە دروست دەبی (سيذكر من يخشى، ويتجنبهاالأشقى) ئەوە فیعلی پێغەمبەری، باشە ئەو تەیسیرە گوتمان بەس لەبۆ پێغەمبەرییە؟ لە جەواب نەخێر، لەبۆ ئەو هەموو پێنج تەصانیفانەیە، هەم لەبۆ کالأنعام هەم لەبۆ ئینسانی هەم لەبۆ ناس، هەم لەبۆ بەنی ئادەم هەم لەبۆ بەشەڕ، لۆوەی ببتە موئمین لەوانە دەرچی، ئیستیخڵاص بکرێ، لە موستەوای موئمین بی، لە موستەوای بەشەریش برندتر بی ببتە موئمین، باشە چ بکا ئەو ذاتە؟ دەفەرمی (فأما من أعطى) دای، (فَأَمَّا مَن أَعْطَى وَاتَّقَى، وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى). بابێین تەشریحی ئەو**

**سێ كەلیمەیەی بكەین، كەلیمەی إعطاء لەگەر إيتاء فەرقی هەیە، ئیعطاء لەگەر ئیتاء فەرقی هەیە، ئیتاء، وەكو هاتیە (وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ)، (أعطى) باری تەعالا ئەو جیهازە ئەو ذاتەی دروست كردیە، فەقەط ئەو ذەواتانەی دروست كردیە لەبۆ عیبادەت تازە گوتمان، یەعنی مانگ و ڕۆژ و ئەستیرە و فلان ئەوانە هیچ یەك عیبادەتیان لەسەر نییە، خۆیان ئەصلەن دروست كراینە لەبۆ تەسبیح، ئەوانە خۆیان تەسبیحی خوای دەكەن، مەطلوب لە كەلیمەی عیبادە، بەس لەبۆ ئینس و جن عیبادەت هەیە، (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ)(الذاريات ٥٦) چاكە، ئیذەن ئەو جیهازە، ئەو ذاتە كە ناومان نایە بە ئەسەفەوە ناومان نایە ئینسان ئەو ذاتە مەخلوقە لەبۆ عیبادەت، هەرچی ئەجهیزەی هەیە ئەو ذاتە ئەصلەن لەبۆ ئەو حالەتەی دروست كرایە، جیهازی خاریجی و داخیلی هەمووی لەبۆ ئەو هەدەفەی مەخلوقە، باری تەعالا نوقطەی یەكەم چی لێ دەوێ؟ (فَأَمَّا مَن أَعْطَى)(الليل ٥) ئەو كابرایە لێ بڕانەوەیەكی تاممی هەبی موطڵەق لەبۆ خوای، بە هەموو ئەجهیزەی لەبۆ خوای قەطع ببی، ئەو حالەتە ئیعطائە، غەیری ئیتائە، ئەو حالەتە پێی دەگوترێ ئیعطاء.**

مەثەلەن كابرایەك دەیەوێ برندی كەن لە عاردی، لەوەی موقابیل كە برندە بە پێوە ڕاوەستایە دەرێ أعطيني يدك، ماددەتەن ئەها دەستم دەستم بدێ دەستتم بدێ لۆوەی سەحبی كا، ئەعطینی علیمەن ماددە نییە، مەثەلەن ئەگەر هاتوو سجن كرابی أعطني حريتي، ماددەتەن وە مەعنا كەلیمەی ئیعطاء لەبۆ كوللە، لەبۆ ماددە و مەعنا هاتیە دەبی ئەو ذاتە هەمووی بدا (فَأَمَّا مَن أَعْطَى)(الليل ٥) ئەوە خۆی قەراری دا بیدا، باشە كو دەیدا؟ دەبی ئەرضیە هەبی لە داخیلی، جیهازەك هەبی لە داخیلی ئەو حالەتەی لەبۆ دروست بكا، كەلیمەی تەقوا هاتیە (وَاتَّقَى) تەقوایەكە چ بوو؟ تەعریفی تەقوای لەخاریجی قورئان گوتمان فیطرە هەیە جیهازەكە باری تەعالا خەلقی كردیە شتی لەناو دانایە، بەموجەسسەمی بەئەمانەتیش ئەلێرەی دانیایە (وتاربێژ ئیشارەت لۆ سینگی خۆی دەكا)، ئەوە بە فیطرە ئەگەر(بیگن)یش بی (بیگن)یش بی (مۆرشێ دایان)یش بی دەزانی چاكە و خراپە چییە، لۆیە لە قورئان ئیلحاد نییە، لەناو قورئان ئیلحاد نییە هیچ، ئیلحاد كەلیمەكی موستەوردە دروست كرایە، جەمعی موئمینین ئیعتراف بە موقابیل ناكەن مولحید بی، كابرا ئەگەر بە خۆشی برێ ئەمن مولحیدم درۆی دەكا، ئیللاە فیطرەی هەیە، كە فیطرەی هەیە لەڕێی فیطرەكەی چاكە و خراپەی جودا دەكا، ئەگەر هاتوو ئەوە تەعریفی كەلیمەی تەقوایە لە واقیع، چاكەكی دیت جیهازی داخیلی بەس ئیشارەتیدا ئیشی نەكرد، بەس ئیشارەت بدا ئەوە چاكە باوێتە ذهنی مێشكی ئیشی لەسەر بكا لەناو مێشكی ئەوە دەماغە، عەقل لێرە نییە ئەوە دەماغە ئێرە بەس، مەجموعە خەلایەكە هەمووومان ئەو دەماغەمان هەیە، ئەو فیطرەیە ئیشارەتیدا فلان شت چاكە، مەثەلەن بەردەكی دیت لەسەر جادەكی لە داخیلی

خۆی ئەوەی بە داخیلی بە دری داهات ئەگەر ئەو بەردە لاقەکی لێدا، پارەکی پێوەنا لایدا لە طەرەفەکی ئەوە شتەکی چاکە ئەوە بەس ئیشارەت دەدا، کە ئیشارەتی دا ئەوە سەردەکەوی لۆ سەرێ، لەبۆ ذهن لەبۆ مێشك، مێشکی قیچەك جوهد صەرفکا لەگەری ئیرادەکی نەوعی تەحویلی کا لەبۆ واقیع ئا ئەو هیممەتە ئەو ئیرادەیە تەقوایە، ئەو دەفع کردنە تەقوایە. نەفسی شت لەبۆ خراپەش، ئەمە گەنجین بە پێش سینەمە فساد الدین داچووین لەقتە لێدرابوو، لە زهن شتەك لە خاریجی گۆتی خۆشە تەمەشا بکەی، ئەمما لێرە جیهاز ئیشارەتیدا سۆر، گلوپی سۆر پێبوو، کە گلۆپی سۆر پێبوو زهنیش هاتە ناو زیهن، زیهن فیعلەن تەئیدی ئەو حالەتەی کرد، کە گەنجەکە چاوی لادا ئا ئەوە تەقوایە واضحە، ئەو بینە و ببەیە ئەو سەین و بەینە نەتیجەی نیهائی وفقی ئیرادەی هات تەقوایە، ئەوە تەعریفی کەلیمەی تەقوایە، ئەو تەقوایەش بە بەتارو بەو لە لە هیکرا نایێ، ئیللا دەبی ئەساسی هەبی لە ژۆرێ واضحە، فیطرەکە مەوجودە، بەردەکەی دی لەسەر ناوەندی جادەی جیهازەکە لێیدا کە برند بوو لۆ سەرێ شتەکی باشە کە ئیهتیمام هیمەتی کرد ئەوە تەقوایەکە پێلەقەکی لە بەردەکەی دەدا و لایدەدا، ئەوە تەفعیلیشی لەبۆ واقیع، بەس هیممەت دان لە مێشك لەبۆ تەفعیلی ئا ئەوە تەقوایەکە. نەفسی شت والعکس أیضا صحیح گۆتمان بە پێش سینەما فسادالدین دا چوو، دیتی لەقطە حسسی کرد ئەوە شتەکی خراپە جیهاز لێیدا گلۆپی سۆر پێبوو، کە پێ بوو چووە مێشکی بیکا نەکا دەی جهودەك لەگە خۆی صەرف دەکا خۆی ماندی دەکا نەکردنەکەی و چاو لادانەکەی تەقوایەکەیە، مەفهومی تەقوا بە بوعدی ئیجابی، مەفهومی تەقوا بە بوعدی سلبی هۆردووکی تەقوا کردنە، تەماشا نەکردنەکەش هەر تەقوا کردنە، بەرد لادانەکەش هەر تەقوا کردنە، بێینە سەر ئایەتەکەی (فَأَمَّا مَن أَعْطَى) ئەو جیهازە هیچ جوملەك هیچ بەدەنەك هیچ خەلییەك ئی خۆی نییە، ئی ذاتەکەی نییە، ئیذەن دەبی هەمووی لۆ خوای بی، وەکی ها پەتەکەی وەکو دەستەکەی وەکو حورییەتەکەی وەکو ئینسانیەتەکەی ئەعطا موطلەق دەبی لۆ خوای بی، لە داخیلی ئەوەش مەوجودە کە لێیدا جوهدی صەرفکرد یەکسەر لەبۆ خوای بەرێ دەکەوی (وَاتَّقَى).

باشە مەرحەلەی سێیەم چییە (وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى)(اللیل٦) ئەوە ئەصلەن مەوجود بوو، بەرد لادانەکەی پێ چاکبوو، تەماشا نەکردنەکەشی پێ چاکبوو، تەصدیقی تەصدیقی نەك تەکذیب ئەوە ئەصلەن مەوجودە، ئەوە ئەوە بوو لێرە مەوجود بوو تەصدیقکردنی وەی، جهود صەرفکردن لەسە وەی هەرچی چاکە لەناو وەی حوسنایە، (وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى)(اللیل ٦) مومارەسەکردنی ئەو سێ حالەتەی (فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى)(اللیل٧) ئەوە لە دەست باری تەعالایە دەیکا، ئەو ذاتە ئەو سێ مەرحەلەیە قەطع کا ماتەبەققا خودا لەسەر خۆی کردیتیە واجیب (فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى)(اللیل ٧) ئەوە نەتیجەیتی، ئەو سێ

حالەتە بکا (مَن أَعْطَى وَاتَّقَى، وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى) تەصدیقی تەفعیلی لە واقیع کە زانی بەرد لادانەکە خێرە کردیتی.

مەثەلەن کابرا پارەی پێیە ئەمما نایدا ئەوە بوخلە، لە جێی حەق نایدا ئەوە بوخل کردنە، پێیتی وەنییە پێی نەبی جیهازەکە هەمووی ئی خوایە، خودا ئەمری کردیە بیدا، نەمدایە لۆ تو دروستم کردی لۆ خۆم بیدە، ئەو دێ نەء نادەم، نادەم ئەوە نوقتەی یەکەم خەلەل تێکەت، (وَاسْتَغْنَى) ئیستغناء لەبیرتانە لە سورەتی یەکەم، یەکەمین سورەت (إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى،أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى)(العلق) لەبیرتانە، ئا ئەوە مەفهومی ئیستغنائە، (إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى)(العلق ٦) یەکەمین سورەت (أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى)(العلق ٧)، کەینێ زانی فیعلەن کابرا زانی ئەو ماڵە ئی خۆیتی وە دەزانی خۆی مالیکیتی لۆیە نایدا، عیلمەن خۆی مالیکی نییە، خۆی وەکیلە لەسەری کە ئەمری پێکرا بیدا دەبی بیدا، کە نەیدا لەوی وابی ئا ئەو کەممە ئەو بەدەنە ئەو ماددەیە حیمایەی دەکا، ئەو بەدەنە حیمایەی دەکا، لۆیە لە ذاتی باری تەعالا قەطع دەبی، کأنە بە باری تەعالا دەلێ ئەمن پەکم پێت نییە، دەی ئیعتیبارت نازانم، ئەوە مەفهومی ئیستغنائە والعیاذ بالله، (وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَى)(اللیل ٨)، (وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى)(اللیل ٩) حوسنایەکە لەناو داخیلی مەوجودە، لێدەدا جیهاز دێتە سەرێ ئەمما تەفعیلی پێ ناکرێ، ئەوە تەکذیبە ئیذەن حەقیقەتەکە مەوجودە، صیدقەکە مەوجودە ئەوە دێ تەکذیبی دەکا بە واقیعی حال (وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى)(اللیل ٩)، بالمقابل باری تەعالا چ دەکا چی لێ بکا گێی ڕاکێشی، ناء حوڕرە (فَسَنُيَسِّرُهُ) لەبۆ چ؟ (لِلْعُسْرَى)، باشە بالمقابل (وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّى)(اللیل ١١)، (إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَى)(اللیل ١٢)، (وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَى)(اللیل ١٣)، هەموو قەضییەکە ئیمانیياتە مەربوط نییە بە پارە، ئیذەن (ئیعطاء) ماددە نییە، (ئیستیبخال) ماددە نییە کولله موطڵەقە ماددە ومەعنایە. ئەوە هەمووی مەفهومی تەیسیر لە قورئان، گوتمان هەرچی کەلیمەکیش هاتبی لە قورئان، ئیرادەی خوای بەنسبەت ئەمە کە مەطلوب قورئانە کەلیمەی تەیسیر لەبۆ قورئان هاتیە، شتی دیکەشی تەیسیر کردیە باری تەعالا لە قورئان ماددەتەن، ئەمما لەبۆ دیسان لەڕێی قورئانەوە کرایە، ئەوە ئەو باشە کو ئەمە تەفعیلی کەین لەواقیع.

دێینە سەر تەفعیلی، ئا ئەو برایەمان ئەو موحیببە کە شەو هەڵدەستی قیرائە دەکا، قیرائەی هەموو مەخلوقاتی کرد کە هاتە قیرائەی خۆی (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق ١)، (خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ)(العلق ٢) دێ قیرائەی خۆی دەکا تەماشا دەکا هیچ خەلییەکی خۆی ئی خۆی نییە، مەسەلەن ئەو ئۆکسجینە کە وەری دەگری ئی خۆیتی، ئی جیهەکی موعەییەنە ئی بەشەرەکیە نەخێر، ئی وییە ئەو جیهازەی کە وەری دەگری ئیمتیصاصی دەکا کە بەدەن، سییەکان خۆی خەلقی کردیە خۆی لە مەعمەل ئیستیرادی کردیە نەخێر، خۆی خەلقی کردیە(وتاربێژ بەدەست ئیشارەت لۆ ئاسمان دەکا)

هەوایەکە ئی خوایە، ئۆکسجینەکە ئی خوایە، خانەکانی ناو سییەکان ئی خوایە، ئەوەی تەفاعولی کیمیاویی دووەم ئۆکسید کاربون دەدا لەناو چیکڵدانەکان ئۆکسجین وەردەگری لەبۆ خینەکان خۆی دەیکا، جەناب عالی دریژ بووە خەویشی لێکەتیە ئاگاشی لە هیچ نییە بشی کوژن ئاگای لێ نییە خوا هەموو ئیشەکانی لۆ دەکا لە داخیل، خوا هەموو ئیشەکانی لۆ دەکا، نووستیە خەوی لێکەتیە مەعیدەی ئیشدەکا، ڕیخۆڵەکانی ئیش دەکەن، جەرگی ئیش دەکا، پەنکریاس ئیش دەکا، هەمووی خودا لۆی دەیکا، ئیذەن قەناعەت دەینی فیعلەن خۆی مولکی خۆی نییە، ئەو زاتە ئی خۆی نییە وەکیلە، وەکیلی خوایە لەسە ئەو زاتەی، لۆیە کە ئیحساس دەکا فیعلەن وەکیلە بەرامبەر کیهان خالیق؟ بەرامبەر کیهان مودیر؟ (الله)ە، چ حەرەکەتەك چ سەکەنەك چ خاطیرەك چ وەسوەك بەدری دابێ هەمووی تەصدیر دەکا لۆی، ئیذەن موهەیمینە لەسەر داخیلیشی، دەگاتە ئەو قەناعەتە بە قیرائەت کە فیعلەن دەبی هەموو وەقتەك موستەسلیم بی لەبۆ خوای، هەموو وەختەك ببتە موڵکی خوای، هەموو وەقتەك بگەڕێتەوە لای خوای (إِنَّ إِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى)(العلق ٨)، (إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى)(العلق ٦)، (أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى)(العلق ٧) عیلاجەکەی چییە؟ حەڵکەی چییە؟ (إِنَّ إِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى)(العلق ٨)، هەموو وەختەك دەگەڕێتەوە لای خوای، هەموو لەحضەك دەرێ ئەمن مولکی خوایمە، ئەو وەختی فیعلەن خۆی کوڵن موطلەقەن دەداتە دەس باری تەعالا، ئەو وەختی فیعلەن ئیعطائی کرد، کە ئیعطائی کرد ئیحساس دەکا فیعلەن بەو قیرائەتەی جیهاز لەناو داخیلی مەوجودە. جیهازەکەش هەرچی چاکە هەیە پێی دەزانی پێش ئەوەی قورئان بخینی، هەرچی خراپەش هەیە ئیحساسی پێ دەکا پێش ئەوەی قورئان بخینی، دەست دەکا بە (وَاتَّقَى) کە تەفعیل دەکا لە واقیع بە فیعل ئیسپات دەکا (وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى)(الليل ٦)، بەرامبەرە وەی ئەو سێ حەرەکەی باری تەعالا چ دەکا (فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى)(الليل٧)، فیعلەن ئیحساس دەکا ئەوجە جوملەك مەعانی قورئان دەست پێدەکا لە داخیلی بە نمو کردن تەزکییە دروست دەبی، (قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى)(الأعلى١٤)، (وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّى)(الأعلى ١٥)، (فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا)(الشمس ٨)، (قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا)(الشمس ٩)،(وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا)(الشمس ١٠)، ئا ئەو حالەتە هەمووی جیهازی داخیل دەست بە ئیشکردن دەکا، فیعلەن دێتە سەر خەت، لۆیە کابرا قەناعەتتان هەبی بە مەفاهیمی قورئان دەکا بێ ئەوەی قورئانی خیندبی، کابرای مۆزەنبیقیش کذلك، بە مەفاهیم و بە ئیعتیباراتی قورئان دەکا بێ ئەوەی قورئانی خەتم کردبی، ئەمما لۆی هەیە وەکو کابرای موستەشریق ئەڵمانیەکە کە هەموو جار بەحسی دەکەین جونلا بۆل، یەکەکی فەرەنسیش هەیە سی و پێنج ساڵ لە خزمەت قورئان موعجەمی موفەهرەسی قورئان ئەو داینایە، سی و پێنج ساڵ لە خزمەت قورئان بووە، ئەمما نەیتانی ببتە موسڵمانەك هەر بە جولەکاتی مرد، لۆ؟ چونکی فیعلەن نە ئیعطائی هەبوو نە تەقوای هەبوو نە تەصدیقی هەبوو لەبۆ ئاخیرەت،

عەکسەکەشی نەفسی شت تەواوە، (وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَى)(الليل ٨)، (وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى)(الليل ٩) دیسان تەیسیرەك هەیە، (فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى)(الليل ١٠).

لۆیە مەفهومەك هەیە موسطەڵەحەك هەیە لەناو فیکری ئیسلامی یاخود فەلسەفەی ئیسلامی ئەویش جەبر و ئیختیارە، هەتا قەدیمەن بەداخەوە لە فیکری ئیسلامی مەفهومی قەدەرییە و جەبەرییە دروست بووە، کە ئایا ئەمە جەبرەن ئەو حالەتە ئەو گوناهەی دەکەین یان پێمان دەکرێ، موقابیلی مەدرەسەکی فیکری دروستبووە، ئایا بە ئیختیاری خۆمان ئەو گوناهەی دەکەین، یاخود پێمان دەکرێ، ئەوە هەمووی لە مەذاهیبی فیکری ئیسلامی و فەلسەفەی ئیسلامی ئەوە مەوجود بووە قەدیمەن، ئەمما باری تەعالا لە سورەتی هەشتەم و نۆیەم عیلاجی مەوزوع دەکا، ئینسانەکە خۆی بە واستەی (أَعْطَى وَاتَّقَى، وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى) تەیسیرەك وەدەکا باری تەعالا تەیسیرەکی لەبۆ دەفع کا لەبۆ یوسرا، خۆشی وە دەکا ذاتەکە (وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَى)(الليل٨)،(وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى)(الليل٩) نەتیجەی نیهائی موعادەلەکەی (فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى)(الليل١٠)، بەو قەناعەتەی جەبر و ئیختارەکە و جەبرییە و قەدرییەتەکەش لەناو قورئان حەل بوو موشکیلەی نەما، تەمەننا دەکەین لەباری تەعالا هەرچی وەسائیلی هیدایەتە، ئیمان و تەرشیدە بە نسیبمان بکا، تەقوامان کامیل بکا، دەفعمان بکا و تەیسیرمان بکا لەبۆ یوسرا، وەمانیع وحائیل دروست بکا لەبۆ عوسرا، أقول قولی هذا واستغفر الله لي ولکم سبحانك ربك رب العزة عما یصفون وسلام علی المرسلین والحمد لله رب العالمین.

(پرسیار/ لێرە شەخصەك نەصیحەتی وتاربێژ دەکا کەئەو کاتەی باسی باری تەعالا دەکا تەشبیه نەکا) بەلێ، (وەڵام): ئەو برایە نەصیحەتی هەیە لەبۆ من خوا خێری بنووسی دەرێ کە باسی باری تەعالا دەکەی تەشبیهـ مەکە، ئەمن ئەوها دەکەم(وتاربێژ لێرە نەوعە تەوضیحەك دەکا بەدەست) تەشبیهـ ناکەم صەراحەتەن ئەوها وە بزانم ئەوەش تەشبیهـ نییە تعالی الله عن مەخلوقاتە علوا، بەرێ إن شاءالله تعالی بە نەصیحەتیشی تێدەگەم خوا خێری بنووسی یا ربی.

(پرسیار) بەرێ، سائیلی سوئالی دووەم إن شاءالله دانیشی پاشی دەرس لە خزمەتی دەبم. کێ سوئالی هەیە ئیستیفسار.

بەلێ (پرسیار/ شەخصەك پرسیار لە تەخییر و جەبر دەکا)، (وەڵام): بەلێ، ئەو دوو کەلیمەیە برای شیرینم دەخیلە لە مەفهومی فیکری ئیسلامی، تەوریث کرایە لەبۆمان، لەناو قورئان مەفهومی تەخییر و تەیسیر، تەخیر و جەبر نییە، جەبر و ئیختیار نییە لە قورئان ئیننەما تەیسیر هەیە، تەیسر کەلیمەی تەیسیریش لەبۆ هۆردوو حالەت بەکارهاتیە، تەیسیر کردن ئی باری تەعالایە، ئەگەر هاتوو جوملەك مواصەفاتی ئیجابی لە ذاتەکەی مەوجود بوو باری تەعالا ڕێی قورئانی لەبۆ تەیسیر دەکا و دەفعی دەکا، عەکسەکەشی نەفسی شت، هەر سێ صیفەتی سلبی مەوجود بوو باری تەعالا تەیسیری دەکا

لەبۆ لایە خراپەکە، تەیسیرەکە ئیذەن جەبر و ئیختیار نییە، کەلیمەی ئەمە دەمرین و دەژین و دەخۆین ئەمە مەخلوقین بەو نەوعەی ئیحتیاج بەوەی ناکا فیعلەك یان ئیضافەی شەرحەك بکەین لۆ ذاتی رب العالمین، ئەصلەن ئەمن و جەنابت کە موسڵمانین موتەفیقین باری تەعالا دەمان ژیێنی دەمان مرێنی و دەمان نوێنی، وەیە یا نا، ئیضافەکردنی ئەو کەلیمەیەی لە ماهییەت و فعل و ئیسمی باری تەعالا چ زیاد ناکا نەخێر، فەلسەفەی غەیری ئیسلامی موتەئەثیر بوو بەو حالەتەی. لە زەمانی عەباسییەکان ئەو کەلیماتانە لە یۆنانی و لە غەیری یۆنانی وەرگیرا بوو هاتە ناو فیکری ئیسلامی، لەبەر ئەوەی لەکنەمەش پەرژین نەبوو لۆیە تانی ئەو دوو مەجموعە موصتەلەحاتانە لەناو فیکری ئیسلامی جێی خۆی بکاتەوە مع الأسف.

عیلمەن ئەمە میعیارمان قورئانە، فە لۆیەش ئەو مەذاهیبە فیکریانە دروستبوون مەذاهیبە فەلسەفیانە دروستبوون ئایا فیعلەن ئەمە موختارین یان موجبەرین، حەتا قەدەرییە و جەبرییە لەوەیوە دروستبوو، ئەمما قورئان زۆر بە موبەسسەطی حەللی ئەو مەوضوعەی کردیە، بەیەك شەرت کابرا ئەصلەن زەمینەی فەهمی قورئانی تێدا مەوجود بی بە ئیمان، چونکی مەوضوعەکی ڕەئیسی پێشی وەی جەنابت دیارە لێرە نەبووی عەرزمان کردینە ئەو قورئانە دەبی ئەرضییەی ئیمانی هەبی لەبۆ فەهمی، مەثەلەن مەسیحیەك لەناو عەنکاوەی با دکتۆرای لە لوغەی عەرەبی ببی، مەسیحیەکی عەنکاوەی دکتۆرای هەبی لە زمانی عەرەبی بیهینین قورئانی بدەینە دەست بەقەد تەفاسیرەکان لە قورئان دەگا بەس، عیلمەن قورئان ئوفوقیەی هەیە، ئیمان کلیلە لەبۆ کردنەوەی ئەو ئوفوقانە لەناو داخیلی ئینسان، لۆیە قورئان هیدایەتە لەبۆ جەمعی موئمینین، فەکەینێ تەعامول لەگە قورئان کرا وفقی ئەو حالەتەی حەتا بەحسمان کردیە عەن طەریقی لیسان نەك لوغە، باری تەعالا قورئانی بە لیسان دابەزاندیە، تەنزیلی کردیە نەك لوغە، ئەرضیەی ئیمانیش لە داخیلی مە ئیعدادەك (مَن أَعْطَى وَاتَّقَى)(اللیل٥)(وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى)(اللیل) مەجود بی وەکو بەحسمان کردیە دورسی پێشترێ جەنابت موحتەمەلە مەوجود نەبوبی، جیهازەکەی داخیلی ئینسان دەست بە ئیش دەکا بە مەفهومی تەزکییە واضحە.

ئەو وەختی بە حەقیقەتی قورئان دەگا، لە حەقائیقی قورئان دەگا، ئەو وەختی ڕوئیەی وی غەیری ئەو ڕوئایانە دەبی کە فیعلەن ما نسیمە بعلماء اللغة کە دایاننایە لە مێشکمان غەیری مەفاهیمی وانیش لەناو مێشك و لەناو قەلبی دروست دەبی، صەڕاحەتەن ئەصڵەن ئەوە کیتابی مێشك نییە، ئەوە کیتابی قەلبە (نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ)(الشعراء١٩٣)(عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنذِرِينَ)(الشعراء ١٩٤)، نەی فەرمووە وأنزلناە علی رئسك أو علی دماغك نەیفەرمووە، وە عەقلیش لێرە[وتاربێژ ئاماژە لۆ سەری خۆی دەکا] نییە عەقل لێرەیە[وتاربێژ ئاماژە لە بۆ سینگی خۆی دەکا]، ئەوە دەفەرمی ئەوە ئەمر دەکا

عەقل لێرە نییە عەقل لێرەیە، (لهم قلوب)(لهم قلوب)، ئیذەن دەبی ئەمە موڕاجەعەی خۆمان بکەین لەو موصتەڵەحاتانەی حەتتا لەناو کوتوبی ئیسلامیشمان داندرایە، قورئان بکەینە میعیارەك وە تەقواو تەزکییە لەناو داخیلی خۆمان دروست بکەین، ئەوجە دەچینە خزمەت قورئان باری تەعالاش فتوحات دەکا لەبۆمان لە قورئان دەگەی، نەخۆ قەناعەتت هەبی هەر بەقەد کابرای عەنکاوەی مەسیحی کە دکتۆرای هەبی لە لوغەی عەرەبی چەند ئەو لە قورئان گەیشتیە ئەمەش هەر ئەوەندە لە قورئان دەگەین الله أعلم.

بەڵێ سوئالی دی، بەرێ عەفوەن ئەو قەطعەی بەرێ (پرسیار/ شەخصەك پرسیار لەسبب نزول و تەرتیب نزول دەکا)، عەفوەن تەرتیب نزول بەڵێ سورەت عەفوەن بەڵێ، بەڵێ، چاکە. (وەڵام): لە لیسانی عەرەب تازە گوتمان باری تەعالا قورئانی تەنزیل کردیە نەك وەضع، مەثەلەن ئێستا ئەمە قورئانمان لەسەر مێزەکەی دانایە کابرای عەرەبی دەرێ وضع المصحف علی المنضدة، علی، ئەو وەضعە وەضعەکی مادییە فاعیلیەتی نییە، حەیەوییەتی نییە باری تەعالا ئیعتیباری لەبۆ ئەو وەضعەی نییە، لەمەفهومی کەلیمەی تەنزیل حەیەویەتەك هەیە، ئەها تا کرمانجەتی خۆمان دەرێ باری تەعالا هەتا چیای نەبینی بەفری ناوێتێ وەنییە زۆر چاکە، قەناعەتت هەبی هەتا داخیل نەبی ئەو قورئانە ئیستیفادەی لێ ناکرێ، هەتا تەزکیەی داخیل نەبی باری تەعالا تەنزیل ناکاتە سەر ئەو قەلبەی، لۆیە هەتا دەگاتە مستەوایەك (لَوْ أَنزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ) واضحە، (لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعاً مُّتَصَدِّعاً مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا)(الحشر ٢١) نارێ للمومنین (لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ) بەشکو دەبنە موئمین، لۆوەی فیعلەن زەمینە لەناو داخیلیان دروست ببی لەبۆ مەفهومی تەنزیل، تەنزیل غەیری وەضعە، ئەو تەزکییەی داخیل (قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا)(الشمس ٩)، (قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى)(الأعلى ١٤) ئەو زەمینەیە دروست دەکا، کە ئەو زەمینەیەی دروست کرد قورئان خۆی ئەصلەن لەناو داخیلی گوتمان مەخلوقە بە مەفاهیم دەست دەکا بە ئیشکردن، ئەمە خۆمان چەندمان قورئان خەتم کردیە ئەوسەرو ئەوسەر، زۆر هەر ئەمە ئەتو موحتەمەلە دە جار خەتممان کردبی وەیە یان نا، ئەمما با زەمینە دروست کەین لەبۆ تەزکیە، قەناعەتت هەبی وەکی دەچییە خزمەت کەلیمەکی ئیحساس دەکەی فیعلەن کەلیمەکە وەقعی غەیری ئەو وەقعەی بووە کە وەختی خۆی جەنابت قورئان یان ئەمن قورئانم خیندیە، فە ئەو تەنزیلە باری تەعالا کە دەیکا بە تەرتیبی نزول لەبۆ جەمعی موئمنین بە تەرتیبی نزول لەبۆ جەمعی موئمنین دایبەزاندییە، حالەتی ئیمانییەن ئەو بووە موتەحەکیم بەو وەضعەی.

ئەمما حالەی واقیعیشیان دەلیل بووە، وەختی خۆی جەنابت نازانم مەوجود بووی یا نا، گوتمان وەختی خۆی هێنری فۆرد سەیارەی دروستکرد لە لەندەن لە بریطانیا، سەیارە لە یەك و دوو بووە

سێ وچل خەرك دەكەتە بن سەیارەی، مرور نەبوو، شورطی مرور نەبوو خەركی نەیاندەزانی، حالەتی دەست شكان و مردن زۆر بوو، خەرك چیان كرد، شكاتیان كرد لە مەخفەر، مەخفەر هەستا لەگەر بەلەدیەی ئیتیفاقی كرد شورتیەكی دانا شورتیەك لە ناوەندی ئەو جادانە، شورتی چی دەكرد، وەكی سەیارەكان دەهات بە خەركی دەگۆ ڕاوەستە، ئەوها ئەوهای دەكرد[وتاربێژ بە دەستی ئاماژە دەكا شورتەكە چی كردییە]، وەكی سەیارە دەڕۆیشت ئەوجە ڕێی دەدا ئەو خەركەی ئەوهای لێدەكرد دەیگۆ بڕون، شورتیەكیتكە لەوێ ئاقر تر بوو گۆتی بابە مادەم وایە ئەمە لەو دەست ئەوها لێكردنەی قانونەكی دەرینین لەگە جەماعەتی سایەقەكان ئیتیفاق كەین، ئەگەر دەستی وەلێ كرد ناو لەپێ دەستی یەعنی مەیێ، یەعنی ڕاوەستە قیف، ئەگەر ئەوهای كرد یەعنی بڕۆ، لۆیە كابرای شورتی مەش ئێستا لەناو جادەی وەیە یان نا، هاوار ناكا وەرن وەرن بڕون یان ڕاوەستن، ئیشارەتی كە وەلێ كرد یەكسەر سەیارەكە ڕادەوەستی، كە وەیكرد سەیارەكە دەست دەكا بە ڕۆیشتن وەیە یان نا چاكە.

ئەمە ئەوە قانونە ئیحتیاج دەكا كولییەی شورطەی بەغدا لەبۆ تەخەرروجی مرور، ضابطی مرور دیسان هەموو شورتەكان بباتە لەندەن حادیسەكان هەمووی ئیعادە ببتەوە، دەستەكان بشكێ سەركەكان بشكێ لۆوەی قانونی مرور دابندرێ، ئەوە سەبەبی نزولە، سەبەبی نزولی وەی ئیستیفائی كرد، ئێستا ئەمە تەعامول دەكەین بە تەرتیبی نزول غەیری سەبەبی نزول واضحە برای من، كە باری تەعالا قانون قانون قەلەم لە پێشی فولانی پاشی فولانی، ئەوە مەرتەبەی ئیمانی جەمعی موئمینینە، كە ئەو ئیمانە سورەتی قەلەم تەنزیل كرا لەسەر قەلبییان ئیمتیصاصیان كرد، ئیستیعابیان كرد، وەریانگرت هەضمیان كرد تەفعیلیان كرد لەبۆ واقیع بە عەمیلو دەبتە (آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ)، كە ئەو حالەتە تەحویل بوو لەبۆ واقیع لە داخیل دیسان فەراغەك دروست دەكا ئیحتیاجی بە تەنزیلی سورەتی چارەم و پێنجەم هەیە، بەو نەوعەی ئەو ئیمانە بە تەرتیب دروست دەبی بە تەرتیبی نزول تەرتیبی ئیمانیش دروست دەبی، حالی بووی بەلێ.

عەفوەن سوئال بەلی(پرسیار/ ئەو برادەرە پرسیار لەنزولی موصحەف دەكاو دەلی، ئایا بەتەرتیبی نزولە یان بەتەرتیبی رەسولە)، ئیعادەی كەوە عەفوەن، (وەڵام): بەلێ تەرتیب النزولە، ترتیب الرسول ئائەو موصحەفەیە، پێش وەفاتی بەشەش مانگ پێغەمبەر(صلی الله علیەوسلم) ئەمری كرد موصحەف بەو نەوعەی بنووسرێ، ئیمامی عوسمانیش موصحەفی مونەززەل بەتەرتیبی نزول لەكن هەموو صەحابەكان سورەتی علق پاشان قەلەم، پاشان دەی دەی بەو تەرتیبەی لەكن هەموو صەحابەكان ئەو موصحەفە مەوجود بوو، لەگەر ئەو موصحەفەی پێشی وەفاتی بەشەش مانگان لەلای حەفصەی بەجێهێشتبوو ئەوی سەحب كرد لەگە ئەو دوەی تێكەری كرد بووە جامیعی موصحەف، لۆیە هەموو موصحەفەكان ماعەدای موصحەفی طەبعەی عێراقی ئەوقاف لەگەر

طەبعەی سعودی کە بەتەصەوری خۆم هۆردووك موحەڕڕەفن ماتەبەقا هەموو موصحەفەکان هەتا زەمانی عوسمانلی هۆردوو موصحەف بووینە بە تەرتیبی نزول وەبە تەرتیبی موصحەفی ئێستایی.

سوئالی دی، ئەو برایە سوئال لە کەلیمەی طوغیان دەکا، عەزیزی من طوغیان مادده و مەعنایە، ساحێب سوئال طوغیان مادده و مەعنایە باری تەعالا شتی دانایە، حەددی دانایە لەو حەدده لادان طوغیانە، لۆیە لە قورئان دەفەرمی: (إِنَّا لَمَّا طَغَى الْمَاء حَمَلْنَاكُمْ فِي الْجَارِيَةِ)(الحاقة ١١)، ئیذەن ئاویش طوغیان دەکا، ئاو کەینێ طوغیان دەکا کە هات فیعلەن ئا ئەو ڕێچکەیەی کە لۆی داندرا بوو، ئاو دەبی لە لێواری ڕوبارەکەی برێین، لە لێواری روبارەکەی ئاوەکە نزمتر بی، ئەمما کەینێ ئاوەکە زیاد بوو بووە فەیەضان ئەوە طوغیانە، کە هاتە ئەو بەرو ئەو بەری ئەو دیو و ئەودیوی عاردەکەی ئەوە ئاو طوغیانی کرد، (إِنَّا لَمَّا طَغَى الْمَاء)(الحاقة ١١) ئاویش طوغیان دەکا ئینسانیش لەو حەددەی کە باری تەعالا دانیایە کەینێ ئیستیغنای کرد طوغیان دەکا، والسلام علیکم ورحمة الله و برکاته.